سودانی جێت لە گرنگی قۆکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا لە بواری جیاجیاکاندا دەکاتەوە



سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمد شیاع سودانی لەمیانی پێشوازیکردنی لە ئیندامی لیژنەی هەزە چەکدارەکان لە کۆنگرەسی ئەمریکا جەختیکردەوە لە گرنگی قۆکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا لە بواری جیاجیاکاندا.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوەکدا کەدەستی موتتوع کەوتووە بڵاویکردەوە"سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمد شیاع سودانی، ئەمڕۆ شەممە، پێشوازی کرد لە ئیندامی لیژنەی هەزە چەکدارەکان و لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە کۆنگرەسی ئەمریکا سیناتەر جاکی ڕۆزن و شاندی یاوەری، بە ئامادەبوونی بەرپرسی کاروباری بایەزخانەی ئەمریکا لە عێراق.

وتیشی لە دیدارەکدا پەیوەندیە گشتییەکانی عێراق و ئەمریکا و ڕۆگاکانی پتەوکردنیان بە خزمەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و پێشخستنی بوژانەوەی ئابووری عێراق و جەختکردنەوە لەسەر سەقامگیریی ناوچەیی تاوتوێ کرا.

سودانی تیشکی خستە سەر گرنگی قۆکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بواری

جیاجیاکاندا و درێژدان بە گفتوگۆی دوو قۆڵی لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و دووپاتکردنەوەی سەروەری عێراق و بەها هاوبەشەکان، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکان و هاوبەشی ستراتیژی نێوان هەردوو وڵاتی دۆست.

هەروەها سودانی تیشکی خستە سەر پێویستی بنیاتنانی دیدێکی هەمەلایەنە بە عێراق لە ژێر ڕۆشنایی قەبارەی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و گۆڕەپانەی کە لە عێراقدا هەیە.

لای خۆیەوە سیناتۆر ڕێزن پابەندبوونی وڵاتەکەی بە بنیاتنانی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ عێراق دووپاتکردەوە و ستایشی ئەو پێشکەوتنانەی کرد کە لە بەغداد و شارەکانی دیکەی عێراق بەدی دەکرێن لەگەڵ توانای حکومەتی عێراقیش بە دووركەوتنەوە لە ململانێکانی ناوچەکە، ئەمەش جێخت لەسەر ڕۆڵی سەرەکی عێراق و پێرەسەندنی گرنگییەکەی لە ناوچەکەدا دەکاتەوە.